


# دەستی تیشک داچێن


**فەرامەرز ئاغابەیگی**
**(یەزد)**


دایەگەورە هەموو ساڵێ لە خاکەلێوەدا دەستی بە سواغدانی رووکاری ماڵەوە دەکرد. لەسەر ئەم بڕوایە بوو هەر وەک چۆن لە سروشتدا ڕەنگ و رووی هەموو شت گۆڕان بەخۆوە دەبینێ، دەبێ بەم جۆرەش دەست بە سەروڕووی ماڵێدا بکێشرێ، تا نوێ بوونەوە لە هەر لایەکەوە هەست پێ بکرێ.

بۆ سواغدان لە هەر گڵێکی کەڵک وەرنەدەگرت، بەڵکوو بەپێی سەنگاندن و تاقی کردنەوە، لە گڵەجانی گردی خەرمانان کەڵکی وەردەگرت کە دەکەوتە پشت ماڵانەوە؛ تا بڵێی ئەو گڵەجانە، گڵەسوورەکەی باش بوو، چونکە پاش لە کارکردن یەکەندەردوو، ویشک دەبووەوە و ڕەنگێکی مەیلەو مسیی دەنواند. ئەوەندە بریقەدار و لووس دەبوو کە مێروولە بە چنگەڕنێ لێی وەسەر دەکەوت!

دوای ئەوەی بە فەرغوونی پێچک کانزایی گڵەکەی دێنا، سەرەتا سەرەندی دەکرد و ئینجا کای تێکەڵاو دەکرد. بەپێی ڕادەی گڵەکە، دەیزانی دەبێ چەند تەلیسی کا تێ بکات تا سواغەکە خۆی بگرێ و نەقەڵەشێ. کۆگەی گڵەکەی بە شێوەی بازنەیی بڵاو دەکردەوە و ناوەڕاستەکەی بۆ ئاو لێ بەستن، تەواو قووڵ دەکرد. ئەم جار بە ترومپا ئاوی بۆ هەڵدەکێشا و بە سەتڵی جیر، ئاوەکەی ڕادەگوێستە ناوەڕاست گڵەکەوە تا لیپاولیپ دەبوو. ئەوجا لە بەرەوە بە پێمەرە، دەوراندەوری لێواری گڵەکەی دەوەراندە دیوی ناوەوەی بازنەکە، تا کەم کەم خووسی دەبرد. لەسەرەخۆ چەند جار ئەوبارەوبار دەکرد و لە کۆتاییدا قوڕەکەی بە شێوەی قووچ خڕ هەڵدەدا. بە وتەی خۆی، ڕۆژێکی دەخایاند تا جوان جێ بکەوێت و وەک مۆم نەرم و شل بێ.

بەر لە سواغدان، نمێک ئاوی بە دیوارەکەدا دەپرژاند تا بە جوانی قوڕەکە بەخۆوە بگرێ. لە داوێنی سەرەوە دەستی پێ دەکرد. هەر جارێ لە تەشتێکی بچووکدا هێندێ قوڕی لەگوێن گونتک ئامادە دەکرد و بە پەیژەدا دەیبردە سەر. بە ئەسپایی وەک ماڵە بە بەری دەست، گونتکەکانی بە دیوارەکەدا هەڵدەسوو. دوای هەر مەودایەک قوڕدادان، بە لێواری دەستی، گرێوگۆڵی سواغەکەی ڕێک دەکرد. پاش ئەو کارانە، ئەم کەڕەت نۆرەی کاری سەرەکی دەهات کە بە جۆرێک تەواوکەر بە ئەژمار دەهات. ئەم کارەش وەک خۆی دەیگوت گوڵی کارەکەی وەدیار دەخست! شێوەی ئەنجامی بەم جۆرە بوو کە بە گەسکەسواغ*، دەکەوتە بریقەدارکردنی دیوارەکە؛ لەسەرڕا گەسکەکەی بەسەر ڕووکاری دیوارە نمدارەکەدا دەکێشا. بەم کارە، دیمەنی ماڵەوەی وەها وەبریقە دەخست کە چاو لە بینینی هەڵدەخلیسکا!

دەتتوانی بەهاسانی بەرامی ئەم توێژە سواغە لە سییەکانتدا هەست پێ بکەی و لەگەڵ بۆنی بەهاریش زیاتر بڵاو دەبووەوە. دەتگوت بەهار بۆ ماڵی دایەگەورە شتێکی زیاتر بە دیاری هێناوە. دوای تازەکردنەوەی جلوبەرگی ماڵەوە، ئیشی دایەگەورە هەر بەوەندە کۆتایی نەدەهات؛ چونکە دەبوو بەم جلوبەرگەوە، دوگمە و ئاوێزەش بدروێت. دایەگەورە هەمیشە لە توورەکەیەکدا، ورتکە چینی و شووشەی ڕەنگامەی کۆ دەکردەوە، هیچ کات فڕێی نەدەدان، تەنانەت ئەگەر لە شوێنێکیش شتی لەم جۆرەی بدۆزیبایەوە، هەمووی لە لای خۆی هەڵدەگرت.

لە کاتێکدا کە سواغەکە هێشتا نمێکی مابوو، دایەگەورە بە سەرنجێکی تایبەتەوە، ناوبەناو بە قەدی دیوارەوە، لەتە چینی و شووشەی ڕەنگامەی لێ دەنا. بەم لەتە شکاوە خواروخێچانە، وێنەگەلێکی فانتێزی و جوانی بەدی دێنا کە هەموویانی لە خەیاڵی خۆیەوە هەڵدەگوێست و لە دەرەوە نموونەیان نەبوو.

کاتێ کە لە کار دەبووەوە، دەچوو لە دوورەوە وەک وەستایەکی شارەزا، دەست ڕەنگینییەکەی خۆی دەخستەبەر تێبینی. لە کۆتاییدا دوای جێ گۆڕکێی چەند لەتە چینی و شووشە، وازی دەهێنا و زەردەی ڕەزامەندیی دەموچاوی دادەگرت. من ئەو کات دەچوومە پاڵ دەستییەوە و لە سووچی سیلەی چاوی ئەوەوە، دەمڕوانییە نەخشونیگارەکەی. بەرامی مێخەک و کاگڵ و درەوشانەوەی ئەم وردە قاشوولکانە، دڵمی دەڕفاند و هیچ شتێکی باشترم نەدەتوانی بەجێی وێنا بکەم. ئەم قاشوولکانەی قەدی دیوارەکە، وەها لەگەڵ خۆر خەریکی ئاشقەوماشقە بوون کە مرۆڤ گەرەک ناگەرەک شێت و شەیدای دڵدارییان دەبوو. کاتێ لە دەرگەی حەوشەوە دەهاتییە ژوور، هەوەڵ شتێ کە سەرنجی ڕادەکێشای یاریی ئەم تیشکە تاکوتووکانەی قەدی دیوار بوو، وەها لەبەر تیرۆژی هەتاودا دەدرەوشانەوە کە لە تەڵەزمی ئەڵماس نەدەمانەوە.

بەڵێ... دایەگەورە بەم جۆرە دیواری ماڵەوەی نوێ دەکردەوە و قاشوولکەی ڕەنگامەی لێ دەبەست! هەنووکەش وەخت و ناوەخت ئەم دیمەنانە، بەسەر دیواری بیرەوەریمدا دەدرەوشێنەوە و من بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن، بەڵام مەخابن بۆ هەمیشە جێی ئەم دەستە تیشک داچێنانە لە جیهاندا، بەتاڵ ماوە!

**«١٥ خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی»**

*** گەسکەسواغ: سواغدان بە گەسک و قوڕەشلە.**